# عەلمانیەت

Secularism

سێکیۆلاریزم

دونیایی و بێ دینی

الدنيوية اللادينية

نوسینی

د.عبداللطيف أحمد مصطفى

---

لەبڵاوکراوەکانی

ماڵپەڕی بەهەشت

www.ba8.org

islam_kurd_ba8@yahoo.com

07701517378

عێراق - کوردستان - کەلار

هەمیشە لەگەڵمان بن بۆ بەرهەمی نوێ

کتێبی ژمارە ﴿١٢٠﴾ لە کتێبەکانی ماڵپەڕی بەهەشت

بسم الله الرحمن الرحيم

الحمد لله والصلاة والسلام على رسول الله وعلى آله وصحبه ومن اتبع هداه.

## عەلمانیەت چیە؟

وشەی عەلمانیەت لـە فەرهەنگە کۆنەکانی زماندا نەهاتووە، بەڵکو تەنها لـە فەرهەنگە تازەکاندا باس کراوە بەم شێوەیە:

**یەکەم:** لـە فەرهەنگی (المعجم العربي الحديث)[١]دا هاتووە کە وشەی عەلمانی بە واتای (ما ليس كنيسياً ولا دينياً) دێت.

واتە: ئەو کەسە عەلمانیە کە نە سەر بە کەنیسەیەو وە نەسەر بە هیچ دینێکە. واتە: کەسێکی دینی نیە، بەڵکو عەلمانی واتە لادینی وبێ دینی.

**دووەم:** لـە فەرهەنگی(المعجم الوسيط)[٢] دا هاتووە: (العَلماني نسبة إلى العَلم بمعنى العالَم، وهو خلاف الديني أو الكهنوتي).

واتە: وشەی عەلمانی لـە عالـەمەوە هاتووە، نەك لـە عیلمەوە. واتە: جیهانی و دونیایی نەك دینی.

کەواتە: وشەی عەلمانی ئەوە دەگەیەنێت کە هیچ پەیوەندیەکی بە دینەوە نیە، بەڵکو جیهانی و دونیایی یەو جگە لـەم دونیایە بیری دین و دوا ڕۆژی نیە و باوەڕی پێی نیە، وە نەخشە بۆ دین و دوا ڕۆژی ناکیشێت و هەوڵیشی بۆ نادات و لـە بەرنامەشیدا نیە. بەڵکو تەنها غەم و هەوڵی بۆ جیهانی ئەم دونیایەیەتی و بەس!!.

**سێهەم:** هەروەها لـە پەرتوکی (دائرة المعارف البريطانية) دا هاتووە کە عەلمانیەت بریتیە لـە:

(حركة اجتماعية تهدف إلى صرف الناس عن الإهتمام بالآخرة إلى الإهتمام بالحياة الدنيا وحدها)[٣].

واتە: عەلمانیەت بزوتنەوەیەکی کۆمەڵایەتیە، وە مەبەستی لادانی خەڵکی یە لـە گرنگیدان بە ڕۆژی دوایی بۆ گرنگی دان بە ژیانی دونیا بە تەنها.

**چوارەم:** وە لـە پەرتوکی (دائرة المعارف الأمريكية) دا هاتووە کە عەلمانیەت (الدنيوية هى: نظام أخلاقي أسس على مبادئ الأخلاق الطبيعية ومستقل عن الديانات السماوية أو القوى الخارقة للطبيعة)[٤]

واتە: عەلمانیەت ڕژێمێکی بێ لایەنە لـە هەموو ئاینە ئاسمانیەکاندا، وە لـە هەموو بیروباوەڕێك کە بە هێزێکی دەرچوو لـەم سروشتەی دونیایە ببێت.

کەواتە: لـە عەلمانیەتدا نە باوەڕ بە خواو پەیامەکەی و فریشتەکانی و قەزاو قەدەرو ڕۆژی دوایی هەیە، وە نە باوەڕ بە هیچ کام لـە ئاینە ئاسمانیەکانیش هەیە.

---

(١) د.خليل الجسر–

(٢)– بەرگی ٢ لا ٦٢٤.

(٣) بڕوانە: المذاهب الفكرية المعاصرة لا.٤٤٥–

(٤) الإتجاهات الفكرية المعاصرة. د.علي جريشة لا٨٥–، و مجلة الجامعة الإسلامية بالمدينة المنورة – (٤٤ / ٢٣٤).

www.ba8.org

وە وشەی عەلمانیەت تەرجەمە كراوی وشەی (secularism) ی ئینگلیزی و (secalarite) فەڕەنسییە.

بەڵام ئەم وەرگێڕانە (الترجمة) هەڵەیە" چونكە واتای ئەم وشەیە لە ئینگلیزی وفەڕەنسیدا بە واتای عیلم و زانست نەهاتووە، و هیچ پەیوەندیەكیشی بە عیلمەوە نییە، بەڵكو مەبەستیان لەم وشەیە بریتییە لە: **(إقامة الحياة بعيداً عن الدين)، واتە: بەرپاكردنی ژیان لە هەموو بوارەكانیدا دوور لە دین ، وە هەروەها لەگەڵ جیاكردنەوەی ژیان لە دین جیاكردنەوەی ژیانیشە لە ڕۆژی دوایی، واتە مرۆڤەكان بێ دین بن و تەنها بیری ژیانی دونیایان بێت وهەوڵی بۆ بدەن بێ گوێ دانە دواڕۆژ.**

پێنجەم: وە لە (القاموس الإنگلیزی) دا هاتووە كە عەلمانیەت بریتیە لەو بیردۆزەیەی كە دەڵێت: (إن الأخلاق والتعليم يجب ألا يكونا مبنيين على أُسس دينية) واتە: نابێت ڕەوشت و فێركردن لەسەر بناغەی دینی بەرپا بكرێن، وە نابێت پەیوەندیان بە دینەوە هەبێت بەڵكو دەبێت لادینی بن!!!

بەڕاستی سەیرە كە ڕەوشت بێ دینی بوو جگە لە بێ ڕەوشتی چی لێ چاوەڕوان دەكرێت؟!

وە كە خوێندن و فێركردن دینی لێ دەرهێنراو تەنها بێ دینی مایەوە ئەوە چ سودێكی دەبێت بۆ پەروەردەكردنی كۆمەڵگا.

بۆ ئایا زانست تەنها لە بواری (پزیشكی ومیكانیكی یاخود لە زانستی ئەندازیاری و دروست كردنی كۆشك وتەلاردا خۆی دەبینێتەوە؟!).

ئەی ئایا گەر پزیشكێك بێ دین بوو لێی دڵنیا دەبیت؟!

وە ئایا گەر ئەندازیار ومیكانیكیەك بێ دین بوون جێگای متمانەی خەڵك دەبن!!!، وە بە دڵسۆزی و بە پاكی بە كارەكانیان هەڵدەستن بێ ئەوەی گەندەڵی بكەن و بێ ئەوەی خیانەت بكەن؟!

وە كە كاتێك مەشروعێك بڕیاری دروست كردنی دەدرێت لە لایەن حكومەتەوە، وە پارەیەكی زۆریشی بۆ تەرخان دەكرێت كێ زەمانەتی ئەوە دەكات كە بەرێوەبەرو ئەندازیارو خاوەن كۆمپانیاكان بە شێوەیەكی خراپ دروستی ناكەن بۆ ئەوەی پارەیەكی زۆر بۆ خۆیان هەڵبگرن؟!!.

## ئایا عەلمانیەت یەعنی بێ دینی؟:

بۆ ئەوەی دڵنیا بین كە عەلمانیەت بێ دینیە ئەوە با سەیركەین كاتێك كە (دائرة المعارف البريطانية) باس لە ئیلحادی و بێ دینی دەكات، ئیلحاد دەكاتە دوو بەشەوە:-

**یەكەم:** ئیلحادی وبێ دینییەكی نەزەری (تیۆری).

**دووەم:** ئیلحادی وبێ دینی عەمەلی (پراكتیكی).

وە عەلمانیەتیشی لەم جۆری دووەمی ئیلحادی و بێ دینیە باس كردووە كە بە عەمەلی و وردە وردەو هەنگاو بە هەنگاو خەڵكی بەرەو بێ دینی دەبات!!

کەواتە: گومان لەوەدا نیە کە لای ئەمریکی و بەریتانی و غەربیەکانیش واتە: لای وڵاتانی ڕۆژ ئاواش کە ئەوان سەرچاوەی عەلمانیەتن لای ئەوان لە سەرچاوەکەوە عەلمانیەتیان بە ئیلحادی وبێ دینی واتاکردوە.

کەوابوو هەرکەسێك بڵێت: عەلمانیەت بێ دینی نیە ئەوە بێ ئاگایە لە مانای ڕاستەقینەی عەلمانیەت لای مامۆستاکانی عەلمانیەت و لە گشت فەرهەنگەکانی زمانیشدا.

وە هەندێ کەس وشەی عەلمانیەت بە واتایەکی تەسکتر لێك دەدەنەوە کە دەڵێن: واتاکەی بریتیە لە: (فصل الدين عن الدولة)، واتە جیاکردنەوەی دین لە دەوڵەت!!

بەڵام لە ڕاستیدا هەروەکو لە سەرچاوەکانی پێشودا بۆمان دەرکەوت عەلمانیەت تەنها دابڕینی دەوڵەت نیە لە دین، بەڵکو دابڕینی دەوڵەت و کۆمەڵگاو خێزان وتاکیشە لە دین.

وە هەروەها هەروەکو بۆمان دەردەکەوێت کە عەلمانیە فیکریەکانی ولاتە عەلمانیەکانی وەك تونس و لیبیاو سوریاو جەزائیر و عێراقی پێشوو و ئەمڕوش تا ڕاددەیەك لە جێ بەجێ کردنی ڕۆژانەیان بۆ بنەماکانی عەلمانیەت عەلمانیەتیان کورت هەڵنەهێناوە لە جیاکردنەوەی تەنها دەوڵەت لە دین! بەڵکو هەوڵیان داوە تاك و کۆمەڵیش بە گشتی لە دین دابڕن.

ئەوەتا دەبینین لە زۆربەی ئەم ولاتانەدا بە ڕێژەیەکی جۆراو جۆر مافی تاك داگیردەکەن وناهێڵن موسڵمانێك بە ئازادی ئیسلامەتییەکەی بکات بۆ نمونە ناهێڵن کارمەندبێت و ڕیشیشی هەبێت !

یاخود شەڕواڵی کورت بێت!

وە یاخود لە قوتابخانەکان ناهێڵن قوتابیان بە ئازادی نوێژەکانیان ئەنجام بدەن لە کاتی خۆیدا!

وە هەندێ جار هەندێ لە عەلمانیە فیکریەکان لە هەندێ شوێن ناهێڵن کچان پۆشاکی شەرعی لەبەربکەن!!

وە ناهێڵن زۆرجار دوکانی بلاوکردنەوەی کاسێتی قورئان و وتاری ئاینی هەبێت بە ئازادی، وە تاوەکو ڕێگا بە یەك دوکانی شەرعی دەدەن ڕێگا بە دەیان دوکانی بێ شەرعی وگۆرانی ومۆسیقاو فلیمی ئیباحی و ڕووتی دەدەن!!

وە هەروەها ڕێگا نادرێت دەرسی زانستە شەرعیەکان بە ئاشکرا لە مزگەوتەکاندا بخوێندرێت بە ئازادی، بەڵکو تەنها دەبێت بە ئیزنی ڕەسمی بێت و تەنها بۆ چەند مامۆستایەکی ئاینیش ئیزن دەدەن بە کۆمەڵێك مەرجەوە!!

سەرەڕای ئەمەش ڕێگە نادرێت بە مامۆستایان لە مزگەوتەکانیاندا ڕۆژانە یاخود هەفتانە ئامۆژگاری (وعظ)ـەکی گشتی پێشکەش بکەن بە تێکرای خەڵکی!!

ئەمە لە کاتێکدا ڕێگا دراوە دەیان کەناڵی ئاسمانی و ناوخۆیی هەبێت لە وڵاتدا کە تەنهالە{بێ شەرعی و ڕووتی و بەد ڕەوشتی وگۆرانی ومۆسیقاو.......} زیاتر فێری خەڵکی ناکەن!!

لە بەرامبەریشدا ڕێگا نادرێت کە کەناڵێکی شەرعی میانڕەوی نا حزبی بکرێتەوە کە دینی ڕاستەقینە بە خەڵکی ئاشنا بکات!!

وە هەروەها رژێمی عەلمانی لادینی هەوڵی جیددی دەدات بۆ دارِنینی دین لە تاك و کۆمەڵ، وە کارئاسانیان بۆ دەکات بە هەموو شێوەیەك بۆ ئەوەی تەنها دونیایی بن. وە هەروەها لە گشت شارێك سەنتەرێکی گەنجان دەکرێتەوە بۆ مەبەستی ڕابواردنیان، بەڵام نەك تەنها خۆیان سەنتەری فێربونی قورئان و شەریعەت ناکەنەوە لە گشت شارێك، بەڵکو ڕێگاش نادەن بە کەسانی خێرخوازیش لەسەر ئەرکی خۆیان بیکەنەوە.

وە لە بەرنامە (منهج) ی خوێندنی خوێندنگاکانی سەر بە وەزارەتی پەروەردەو فێرکردنیشدا ڕێژەی فێرکردنی دین لە دەیا یەکی تەواویش نیە!!

وە گشت ئەم هەڵسوکەوتە لادینیانەش لە ژێر پەردەی بەرهەڵستی لە تیرۆر ئەنجام دەدرێن!!

بەڵام لە ڕاستیدا هەروەکو چۆن تیرۆری لاشە بێ تاوانەکان دروست نیە، بە هەمان شێوەش بگرە زیاتریش تیرۆری بیروباوەڕی ئاین و ڕەوشتی خەڵکیش دروست نیە وکارێکی خراپەو دەشبێتە هۆی تیرۆری لاشە!!

بەڵام ئەو کارەی کە ئیسلامیە توندڕەوو تەکفیریەکان کردیان لە هەندێ وڵات لە تیرۆرو تۆقاندن و تەقینەوەو کاول کاری و ڕەشە کوژی کارێکی تا بڵێی خراپ وزیان بەخش بوو بە دین و بە موسڵمانانیش.

بەڵام عەلمانیەکان لە لایەکی ترەوە سودی زۆریان لەم کارانە بینی و ئەم هەڵەیان قۆستەوە بۆ ئەوەی بیکەنە داردەستی خۆیان بۆ سەرکوت کردنەوەی هەموو هەوڵێکی دینی و ئیسلامی بەناوی بەرهەڵستی کردن لە تیرۆر!!

واتە: تۆمەتی تیرۆرستی و ئیرهابیان حازرو ئامادەیە کە بەسەر هەموو موسڵمانێکیدا بدەن کە هەر چەندە تیرۆریست و توندڕەویش نەبن!!

کەواتە: ڕژێمی عەلمانی نەك تەنها دەستوری سیاسی حوکمڕانی لە دەوڵەتدا لە دین جیادەکاتەوە، بەڵکو دەیەوێت بە تەواوی لە هەموو بوارەکانی ڕامیاری و ئابوری و کۆمەڵایەتی و فیکری ژیانی گەل لە دین جیا بکاتەوە، ئەگەر بۆیان بگونجێت، بەڵام چونکە کۆمەڵگاکان لە وڵاتانی موسڵمانان کۆمەڵگای موسڵمانن، ناتوانن بەتەواوی بنەبڕی دین بکەن!!

**کەواتە: عەلمانیەت تەنها لا دینی نیە لە حوکمڕانی، بەڵکو لا دینی یە لە گشت بوارەکانی ژیان.**

وە ئەم وشەیەش هیچ پەیوەندیەکی بە وشەی عیلم وزانستەوە نیە، وە لە وشەی عیلمەوە وەرنەگیراوە، بەڵام بۆ چەواشەکاری خەڵکی نەزان ئەم وشەیەیان هەڵبژاردووە بۆ ئەوەی خەڵکی وا بزانن کە عەلمانیەت لە عیلم وزانستەوە هاتووە، نەخێر لە عالەمیەوە هاتووە کە دونیایی وبێ دینی دەگەیەنێت، بەڵام بۆ ئەوەی خەڵکی موسوڵمان لێیان نەسڵەمێتەوە، ئەوە لە جیاتی وشەی لا دینی وشەیەکی تریان هەڵبژارد کە هەمان مەبەست دەگرێتەوە، بەڵام خەڵکی نابزوێنێت وکاردانەوەی توندو خێرا دروست ناکات لای موسڵمانان" چونکە زۆربەیان وا دەزانن لە عیلم وزانستەوە هاتووە نەك لەبێ دینی!!

وە عەلمانیەت ڕێگە نادات دین پەیوەندی بە ژیانی مرۆڤەکانەوە هەبێت، بەڵکو ڕێ دەدات کە دین تەنها لە ناخی مرۆڤەکاندا هەبێت، نەك لە ڕواڵەت و واقیعیاندا وە ئەگەر زۆریش خاتری مرۆڤە دین دارەکان بگرن ئەوە ڕێگەیان دەدەن تەنها ئەو خواپەرستیانە بکەن کە لە نێوان خواو بەندەدایە، وەك نوێژ و ڕۆژو و ژن مارەکردن و هاوشێوەکانی تریش کە پێیان دەوترێت: (الشعائر التعبدية).

بەڵام زۆرجاریش ئەگەر عەلمانیە فیکرییە توند ڕەوەکان توانای تەواویان هەبێت ئەوە نوێژ بە تۆمەت دادەنێن ، وە بەتایبەتیش نوێژی جەماعەت.

وە هەروەها ناهێڵن ئیسلامییەت بە ڕوکەشی دەرەوەی موسوڵمانان دەرکەوێت.

بۆ نمونە: ئافرەتان بۆیان هەیە خۆیان ڕوت بکەنەوە و کام جلەیان حەز لێیە لەبەری بکەن، بەڵام ئافرەتی موسڵمان بۆی نییە بە حیجابێکی پان وپۆشتەوە، یاخود بە عەبایەکی پانەوە بچێتە خوێندنگا و دائیرەکان!!

عەلمانیەکان خەڵکی بەوە دەخەڵەتێنن کە ئەوان لەسەر عیلم وزانست دەڕۆن !!

وە ئەوان باوەڕ بە غەیب و شتی نادیار ناکەن، وە هەروەها وا دەردەخەن کە عیلم ودین دوو شتی دژ بەیەکن!

وە هەرکەسێك لەسەر عیلم وزانست بڕوات و ڕۆشنبیر بێت ئەوە نابێت فڕی بە دینەوە هەبێت!! چونکە دین یەعنی دواکەوتوویی ونەفامی وگەڕانەوە بۆ سەردەمی بەردین!!

وە لەڕاستیدا ئەمانە هەموویان درۆن و دوورن لە زانست وڕاستی.

چونکە ئاینی ئیسلام هەرکەسێ دەستی پێوە بگرێت وەکو خۆی، ئەوە زانا دەبێت و پێش دەکەوێت و سەردەکەوێت و ئاسودە دەبێت، هەروەکو چۆن لە چەندساڵێکدا پێغەمبەر (ﷺ)، و هاوەڵانی (رضي الله عنهم) سەرکەوتن بەسەر قوڕەیشیە کافرەکان و جولەکەکان و هەموو کافرەکانی دەوروبەریان و بەسەر ئیمپراتۆریەتی فارس و ڕۆمیشدا.

هەروەکو خەلیفەی دووەم عومەری کوڕی خەتاب (رضي الله عنه)، دەیفەرموو: {ئێمە نەتەوەیەك بووین پەروەردگار بە ئیسلام بە عیزەتی کردین وبەرزی کردینەوە، وە کە لە هەر شتێکی تر جگە لە ئیسلام داوای عیزەت یاخود سەربەرزی بکەین پەروەردگار زەلیلمان دەکات}.

وە هەرچەندە عەلمانیەت لەگەڵ هیچ ئاینێکدا یەك ناگرێتەوە و بێ دینیە، بەڵام لەگەڵ ئاینی گۆڕاوی گاورەکاندا یەکدەگرێتەوە لەوەدا کە دین لە دەوڵەت جیابکرێتەوە، چونکە گاورە گومڕاکان دروشمی ئەوەیان بەرز دەکردوە کە ( إعط ما لقيصرَ لقيصر وما لله لله).

واتە: دەوڵەت وحکومەت بۆ قەیصەری پادشا، وە تەنها ئەو کەنیسانەی کە شوێنی خوا پەرستین بۆ خوا.

www.ba8.org

# عەلمانیەت چۆن وە لە کوێوە سەری هەڵداوە؟

عەلمانیەت لە ڕۆژ ئاواوە سەری هەڵدا، یەکەم وڵات کە ڕژێمی وڵاتەکەی لەسەربناغەی عەلمانیەت دامەزراند بریتی بوو لە (فەڕەنسا) دوای شۆڕشەکەی دژ بە کەنیسەو دینی گاورەکان لە ساڵی(١٧٨٩)ی میلادی، وە هۆکارەکەشی دەگەڕێتەوە بۆ ئەو خواری ولاری وناڕێکی و زوڵم وستەمەی کە لە ئاینی گۆڕاوی کەنیسەدا هەبوو کە لەسەر دینی ڕاست نەمابوون، وە دژایەتی زانستی تازەیان دەکردو پیاوانی کەنیسە خۆیان لە خەڵکی کردبوو بە خوا بە شێوەیەك کە سەرانەیان لە خەڵکی دەستاند، وە هەر کەسێکیش هەڵەیەکی کردبا ئەوە ڕۆژانی یەك شەممە دەبوو چووبایە بۆ کەنیسەو پارەی دابایە قەشەو پاپاکان بۆ ئەوەی لەگوناهی خۆش بن ! !

وە لای قەشەو پاپاکان دین بریتی بوو لە چەند داب ونەریتێك وخزمەت کردن ونۆکەری کردنی گەورەکانیان وباوەڕ بە خۆکردن کە (عیسا) کوڕی خوایەو (مەریەم)یش خێزانیەتی!! وە هەروەها دینی گۆڕاوی کەنیسە هیچ خێرو ڕۆشنایی وهیدایەتێکی تێدانەبوو بۆ بەرژەوەندیەکانی خەڵکی، بەڵکو ڕێگریشی دەکرد لە بەرەو پێش چونی زانستی وچاوڕۆشنی لەبەر ئەوە خەڵکانێکی ئازادو سەربەست بەم تاریکایی وزوڵم وستەم ودواکەوتوییەی دینی کەنیسە ڕازی نەبوون وشۆڕشیان دژ کردو خۆیان لێ ئازاد کردو دروشمی عەلمانی و لا دینییان بەرزکردەوە، چونکە بە گومانی ئەوان گشت دینێك هەروەك دینی کەنیسە وایەو خەڵکی دوا دەخات و ژێر دەستە و زەلیلی چەندان کەسی خۆپەرست و خوڕافییان دەکات لەبەر ئەوە هەڵگەڕانەوەکەیان تەنها لە سەر دینی کەنیسە نەبوو، بەڵکو لەگشت دینێکی ئاسمانی بوو .

وە لەمەیاندا بە هەڵەدا چوون، چونکە هەرچی نوقسانی وخواری و دواکەوتویی وخراپیەك کە لە دینی کەنیسەدا هەیە ئەوە لە دینی ئیسلامدا نیە، بەڵکو دینی ئیسلام کامڵ وتەواوەو نەگۆڕاوە بە پێچەوانەی دینی گۆڕاوی کەنیسە، لە دینی ئیسلامدا خوا پەرستی هەیە لە جیاتی ئەو شەخس پەرستیەی کە پیاوانی کەنیسە لەسەر خەڵکیان فەرزکردبوو، لە دینی ئیسلامدا سەرانە لەخەڵك ناستێندرێت، بەڵکو زەکات دەدرێت بە فەقیرو هەژاران ! !

لە دینی ئیسلامدا دژایەتی پێش کەوتنی دونیایی و زانستی ناکرێت، بەڵکو هانی خەڵکی دەدرێت بۆ زیاتر بیرکردنەوەو بەرەو پێش چوون، بەڵام لە سنوری سوود گەیاندن وخزمەت کردن بە کۆمەڵگا،کەوابوو ناڕێکی دینی کەنیسە بوو بە هۆی سەرهەڵدانی عەلمانیەت!!، بەڵام بۆچی عەلمانیەت گواستراوەتەوە ناو وڵاتانی مووسڵمانان، وەکێش گواستیەوە؟

# هۆکارەکانی گواستنەوەی عەلمانیەت بۆ ناو موسڵمانان

**یەکێ: لە هۆکارەکانی گواستنەوەی عەلمانیەت بۆ ناو موسڵمانان بریتی بوو لە پیاوانی بە ناو دینی، بەڵام چۆن پیاوانێك!!**

پیاوانێك کە لە زۆر لایەنەوە –جگە لە بیروباوەڕیان– لە قەشەو پاپاکانی کەنیسە دەچوون، وەك خوای گەورە وەسفی کردوون : ﴿يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا إِنَّ كَثِيرًا مِنَ الْأَحْبَارِ وَالرُّهْبَانِ لَيَأْكُلُونَ أَمْوَالَ النَّاسِ بِالْبَاطِلِ وَيَصُدُّونَ عَنْ سَبِيلِ اللَّهِ﴾ ﴿التوبة/ ٣٤﴾

واتە: ئەی ئەوانەی باوەڕتان هێناوە ! چاك بزانن کە بەشی زۆری حاخام و زانای جولەکەکان و گۆشەگیرو خواپەرستی فەلەکان بە تاڵان و هەوانتە ماڵ و سامانی مەردوم دەخۆن و ڕێی خوایشیان لێ دەگرن و، ناهێڵین دینی ئیسلام قەبووڵکەن !! (ئیبن کەسیر) دەڵێ: مەبەست لە زانا خراپەکان و خواپەرستە گومڕاکانیانە، وەکو (سوفیانی کوڕی عویەینە)ش لەبارەی هەموو زانایەکی خراپ وسەرگەردانەوە ئەڵێت:( **من فسد من علمائنا كان فيه شبه من اليهود، ومن فسد من عبادنا كان فيه شبه من النصاري** )، واتە: هەر زانایەکمان تێکچوو، دڵنیابن لێکچوانێکی بە(یەهوود)ـەوە هەیەو، بەشێ لەسیفەتی جوولەکەی تێدایە، هەر کەسیش لەعابیدەکانمان تێکچووو دەستی دایە خراپەکردن، دیارە ئەویش بەشێ لەسیفاتی فەلەو گاورەکانی تێدایە.

(**عەبدوڵڵای کوڕی موبارەك)یش لەم هۆنراوەیەدا چەند جوان دەڵێ:** وهل أفسد الدين إلا الملوك * * * وأحبار سوء و رهبانها ؟!

واتە: باشە! بەدەر لەپاشاو لە مەلا خراپەکان و، لەعابیدە ڕەبەنەکان، کێی تر (دین)ـی تێکدا ؟. (تەفسیری ڕامان)

وە ئەو جۆرە مەلا خراپ و خواپەرستە نەفامانە هەوڵیان تەنها بۆ تێرکردنی سکیان و پڕکردنی گیرفانی خۆیان بوو، ئیسلامەتیان کردبوو بە پیشەو کاریان بۆ ئەوەی پارەی پێ پەیدابکەن بە شێوەیەك کە:

١. ئەگەر فەقیرو هەژار هەڵسابا یان دانیشتبا بە شێوازێك یان قسەیەکیان بە دەمدا هاتبا ئەوە پیاوی دینی تەلاقی دەخستن و بە پارە بۆی چاك دەکردەوە .

٢. وە لەخوانەتری وایان تێدا بوو کە بە مارە بە جاش ژنی تەلاقدراوی کابرای لە خۆی مارە دەکردو، شەوێك لای خۆی دەیهێشتەوە دوایی بۆی تەلاق دەدایەوە!،

٣. وە زەکات وسەرفترەو.. وە حەقی مارەبڕین و مەولود بۆ خوێندنەوەو ...هتد..هەر هەمووی کۆتاییەکەی دەبوو بە پارەو بۆ گیرفانی پیاوی دینی دەڕۆیشت!.

٤. وە لە لایەکی تریشەوە پیاوە دینییەکە پاڵی دابووە ئاغاو دەرەبەگی گوند، وە حەرامی بۆ حەڵاڵ دەکردو بە گوێرەی هەواو ئارەزووی ئەو فەتوای دەدا، وە لەو لاشەوە خەڵکی ستەمیان لێ دەکراو دەچەوسێندرانەوە لەبەر چاوی پیاوی دینی، بێ ئەوەی ئەویش هیچ ئینکارییەکی شەرعی هەبێت!!

٥. وە هەروەها هەر بە ناوی دینەوە شەخس پەرستی وپەڕۆ پەرستی وە ناڵی کەر پەرستی لە ناو موسوڵمانان بڵاو ببۆوە، ، مەڕو پەنیرو هەنگوین و بردنە خزمەتی شێخ لە لایەکی ترەوە پەرەی سەندبوو، وە هەروەها نوشتە فرۆشی.

٦. وە ڕێگاش نەدەدرا خەڵکی بخوێنن جگە لە منداڵی ئاغاو شێخ ومەلا، کەیەکیان گرتبوو!!.

٧. ئەم دیاردانەو چەندان دیاردەی دزێوی تریش وەك گەورە بەگچکە و ژن بە ژن و وە هەروەها ئەفسانەی گاو ماسی و إسقاط الصلاة و مەولود کردنی پادشای زاڵم و.....بوونە هۆی ئەوەی خەڵکی بەم دینی ئیسلامەش ڕازی نەبن، وبە تریاکی دابنێن ولەویش ڕاپەرن، بەڵام بە شێوەیەکی نەرم تر .

**بەڵام کێی تریش بووە هۆی گواستنەوە و بڵاوبوونەوەی عەلمانیەت؟**

**دووەم: غەزوی فیکری موسوڵمانان کە ڕۆژئاواییەکان پێی هەڵسان**، وە ئەوانەی کە لە دینی نارێکی کەنیسە هەڵگەڕانەوە وایان لە موسڵمانان گەیاند کە هەموو دینێك مایەی دواکەوتووییە، کەوابوو ئێوەش عەلمانی و بێ دین بن باشترە و یەکسەر لەم کۆت و زنجیرەی دواکەوتویی و چەوساوەیەتییە ڕزگارتان دەبێت!!

ئاوا غەربییە عەلمانیەکان چەواشەی گەنجانی موسڵمانان دەکەن و سەریان لێ دەشێوێنن وکۆمەڵێك شاگردیان بۆ خۆیان دروست کرد لە ناو موسوڵمانان کە لە مامۆستاکانیشیان دڵسۆزترو توندترن بۆ عەلمانیەت!!، کە بە چەندان وەسیلەو هۆکاری وەك: ڕاگەیاندن وگۆڤار و ڕۆژنامە و......هتد گرتەبەر بۆ گواستنەوەی عەلمانیەت و بە عەلمانی کردنی موسوڵمانان و سەرکەوتنی غەزوە فیکریە عەلمانیەکەیان.

**سێهەم:** وە هۆکارێکی تری بڵاوبونەوەی عەلمانیەت، بریتیە: لە چوونە دەرەوەی زۆرێك لە موسڵمانان بۆ وڵاتە عەلمانیە ڕۆژئاواییەکان و لەوێ سەرسامی پێشکەوتنی زانستی دونیایی وتەکنەلۆژی و ئەلیکترۆنی ئەوان بوون، وە ئەوەش وای لێکردن کە بە تەواوی تەسلیمی هەموو بیروباوەڕو داب و نەریتی ئەوان بن، وە بەشێکیان بە کۆمەڵێکی زۆر ڤایرۆسی کوشندەوە گەڕانەوە ناو موسڵمانان، وە بێ دینی وبێ ڕەوشتی ئەوانیان بۆ نەقڵکردین، نەك پێشکەوتن وتەکنەلۆژیا!!

کۆمەڵێکیان بەوە بۆمان گەڕانەوە کە فێری سەگ بەخێو کردن وگوارە لەگوێکردن و قژدرێژکردن و خۆ چواندن بە ئافرەتان بوون.

وە هەروەها ئافرەتانیش بەووە گەڕانەوە کە جلی کوڕان لەبەر بکەن، و وەکو ئەوان قژیان کورت بێت و هەمان کارو پیشە بکەن کە پیاوان دەیکەن و فێری گێڵ فرێند(girl friend) و بۆی فرێند( boy

(friend) بوون و... وه بێگومان ئەمەش حوكمێكی گشتی نییه بۆ هەموو ئەوانەی لە دەرەوەن، بەڵام هەندێكیان ئەمه حاڵیانه!!

**چوارەم:** وه كەسانێكی تر كه هۆكاری گەشەپێدانی عەلمانیەتن، بریتین: لە **تەكفیریه توندڕەوەكان** كه كاره توندە نارەواكانیان و ڕەشەكوژییەكەیان كاردانەوەیەكی پێچەوانەی دروست كردووە لای فەریكه عەلمانیەكان، وه عەلمانیە كامڵەكان ئەم جۆرە تیرۆر وكۆمەڵ كوژیەی تەكفیریەكان دەكەنه بەڵگه بۆ سەركوت كردنی هەموو بانگەوازیەكی ئیسلامی ڕاستەقینه، و زیاتر پەرەپێدان به عەلمانیەت.

وه زۆرجار عەلمانیه كامڵەكان خوا خوای بیانویەكیانه بۆ لێدانی ئیسلام،كەچی تەكفیریه هەڵشەكانیش زەق ترین بیانویان دەدەنه دەست كه لەوانەیه عەلمانیەكان دەیان ملیۆن دۆلاریان دابا بۆ دروست بونی ئەم هەلە بۆ لێدانی ئاینی پیرۆزی ئیسلام وبلاو كردنەوەی فیكرە عەلمانیەكەیان!!.

وه كاری ئەم تەكفیریه هەڵشانه ئەم دەقه شەرعیانەم دەهێنێتەوە یاد:

١. [وَلَا تُلْقُوا بِأَيْدِيكُمْ إِلَى التَّهْلُكَةِ] [البقرة/ ١٩٥][ء]

٢. [وَلَا تَقْتُلُوا أَنْفُسَكُمْ إِنَّ اللَّهَ كَانَ بِكُمْ رَحِيمًا] [النساء/ ٢٩]

٣. [أَوَلَمَّا أَصَابَتْكُمْ مُصِيبَةٌ قَدْ أَصَبْتُمْ مِثْلَيْهَا قُلْتُمْ أَنَّى هَذَا قُلْ هُوَ مِنْ عِنْدِ أَنْفُسِكُمْ إِنَّ اللَّهَ عَلَى كُلِّ شَيْءٍ قَدِيرٌ] [آل عمران/ ١٦٥]

بەم شێوەیه توندڕەوان [يُخْرِبُونَ بُيُوتَهُمْ بِأَيْدِيهِمْ] وه ئەوان دەبنه هۆی زاڵ بوونی عەلمانیەت، و ڕاكردنی گەل و میللەت بۆ باوەشی عەلمانیت!!

---

[ء] قال الشوكاني: ((وللسلف في معنى الآية أقوال سيأتي بيانها ، وبيان سبب نزول الآية . **والحق أن الاعتبار بعموم اللفظ لا بخصوص السبب** ، فكل ما صدق عليه أنه تهلكة في الدين ، أو الدنيا ، فهو داخل في هذا ، وبه قال ابن جرير الطبري . ومن جملة ما يدخل تحت الآية ، أن يقتحم الرجل في الحرب ، فيحمل على الجيش مع عدم قدرته على التخلص ، وعدم تأثيره لأثر ينفع المجاهدين ، ولا يمنع من دخول هذا تحت الآية إنكار من أنكره من الذين رأوا السبب ، فإنهم ظنوا أن الآية لا تجاوز سببها ، وهو ظنّ تدفعه لغة العرب)). فتح القدير – (ج ١ / ص ٢٥٦)، و((الحق سبحانه ـ كما يريد منا في تشريع القتال أن نقاتل ـ يأمرنا أن نزن أمر القتال وزناً دقيقاً بحسم، فلا تأخذنا الأريحية الاكذبة ولا الحمية الرعناء، فيكون المعنى: ولا تقبلوا على القتال إلا إن كان غالب الظن أنكم ستنتصرون، فحزم الإقدام قد يطلب منك أن تقيس الأمور بدقة، فالشجاعة قد تقتضي منك أن تحجم وتمتنع عن القتال في بعض الأحيان، لتنتصر من بعد ذلك ساعة يكمل الإعداد له.

والمعنى الأول يجعلك تنفق في سبيل الله ولا تلقي بيدك إلى التهلكة بترك القتال. والمعنى الثاني أي لا تلقوا بأيديكم إلى التهلكة بأن تقبلوا على القتال بلا داع أو بلا إعداد كافٍ. إن الحق يريد من المؤمنين أن يزنوا المسائل وزناً يجعلهم لا يتركون الجهاد فيهلكوا؛ لأن خصمهم سيجترئ عليهم، ولا يحببهم في أن يلقوا بأيديهم إلى القتال لمجرد الرغبة في القتال دون الاستعداد له. وهذا هو الحزم الإيماني، إنها جملة واحدة أعطتنا عدة معان)). تفسير الشعراوي.

## عەلمانیەت چەند شێوەی هەیە؟

**شێوەی یەکەم:** عەلمانیەتێکی توندڕەو،کە تەنها بەمە ڕازی نابێت کە ئایین لە ژیانی دونیا جیابکرێتەوە، بەڵکو دژایەتی تەواوی دین دەکات وبێ باوەڕە بە خواو پەیامەکەی و بە غەیب.

**شێوەی دووەم:** عەلمانیەتێکی سوك، کە بە حیساب ڕێز لە دین دەگرن و دژایەتی ناکەن، بەڵام دین تەنها لە ناخی مرۆڤەکانداو لە سوچی مزگەوتەکاندا، نەك لە ژیانی ڕۆژانەی مرۆڤەکان وکۆمەڵگادا، وە وا لە دین حاڵی بوون یان دینیان تەنها لەو بوارەدا قەبوڵە کە پەیوەندیەك بێت لە نێوان مرۆڤ و پەروەردگاردا نەك لە نێوان مرۆڤەکانیشدا.

## عەلمانیەکان چەند جۆرن و حوکمی شەرع دەربارەیان چی یە؟

**یەکەم:** عەلمانیە بیروباوەڕیەکان، ئەوانەی کە دەزانن عەلمانیەت بە واتای بێ دینی دێت و باوەڕیشیان پێیەتی وبەرگریشی لێدەکەن وهەوڵی بڵاوبونەوەشی دەدەن، ئەوانە توشی کوفری گەورە بوون ئەگەر تەوبە نەکەن ونەگەڕێنەوەو واز لەو عەلمانیەتە کوفرە نەهێنن ئەوە بەهەشت نابینن و شوێنیان دۆزەخە پەنا بەخوا.

**دووەم:** عەلمانیە بەرژەوەندچییەکان، ئەوانەی کە باوەڕیان بە ئیسلام هەیەو بێ دین نین و باوەڕیشیان بە عەلمانیەت نیە، کە لا دینیە. بەڵام شوێن عەلمانیەکان کەوتوون تەنها لە ڕواڵەتدا نەك بە بیروو باوەڕ، بە نیەتی پاك یان بە نەزانی، وە یان لە ترسان یان لە برسان، وە یان لەبەر وەدەسخستنی پلەو پایەو دەسەڵات وکورسی وماڵ وسامان.

نابێت ئەم جۆرەی دووەم وەکو یەکەم سەیر بکرێت" چونکە جۆری یەکەم کوفری بیروباوەڕە و لە دین پێی دەردەچێت، بەڵام جۆری دووەم: کوفری عەمەلی یەو تاوانێکی گەورەیە بەڵام خاوەنەکەی پێی لە دین دەرناچێت.

**بەڵام لەم حوکمەدا دوو کۆمەڵ بە هەڵەدا چوون:**

**یەکەم:** کۆمەڵی مورجیئەکان کە جۆری یەکەمی عەلمانیەکانیش بە تێکەوتووی کوفرو تاوان نازانن.

**دووەم:** کۆمەڵی خەواریج (تەکفیری وتوندڕەوە حیزبیەکان) کە هەر کەسێك لەگەڵ ئەوان نەبێت و لەگەڵ حیزبە عەلمانیەکان بێت ئەوە بە کافری دادەنێن، وخوێنیشی حەڵاڵە (پەنا بە خوا) ئەمە لەکاتێکدا کە دەبینین زۆرێك لە خەڵکی لە جۆری دووەمی عەلمانین و نوێژ دەکەن و ڕۆژو دەگرن و باوەڕیان بە ئیسلام هەیە کە تەنها دینی ڕاست و حەقە، وباوەڕیان بەو عەلمانیەتە لادینیەش نیە.

بەڵکو وا لە عەلمانیەت حاڵی بوون کە هۆکارێکی ڕزگار بوونە لە زاڵم وستەم کاران.

وە وایان زانیوە کە عەلمانیەت ئەو شەمەندەفەرەیە کە هەرکەسێك سواری نەبێت دوا دەکەوێت وبێ ئەو خەڵکی بە ژێر دەستەیی و چەوساوەی دەمێنێتەوە!!.

کەواتە: حەق و داد لەوە دایە کە کەسانی ناموسوڵمان بە موسوڵمان دانەنرێت، وە هەروەها موسڵمانی تاوان باریش بە کافر دانەنرێت.

وە پێویستە موسوڵمانان نەخەڵەتێن بە پڕوپاگەندەی عەلمانیەت، وە پێویستە بڵێین:﴿ ادْخُلُوا فِي السِّلْمِ كَافَّةً﴾ ﴿البقرة : ٢٠٨﴾ واتە: وەرنە ناو دینەوە بە تەواوی لەهەموو بوارەکانی ژیاندا، نەك تەنها لە نوێژدا موسوڵمان بن بەڵام لە بوارەکانی تری ڕەوشت وکۆمەڵایەتی و حوکمڕانیدا لا دینی وعەلمانی بن.

نەخێر ئەمە کوفرە هەروەك خوای گەورە فەرموویەتی:﴿ أَفَتُؤْمِنُونَ بِبَعْضِ الْكِتَابِ وَتَكْفُرُونَ بِبَعْضٍ فَمَا جَزَاءُ مَنْ يَفْعَلُ ذَلِكَ مِنْكُمْ إِلَّا خِزْيٌ فِي الْحَيَاةِ الدُّنْيَا وَيَوْمَ الْقِيَامَةِ يُرَدُّونَ إِلَى أَشَدِّ الْعَذَابِ وَمَا اللَّهُ بِغَافِلٍ عَمَّا تَعْمَلُونَ﴾ ﴿البقرة : ٨٥﴾ کەوابوو موسوڵمانان با لە خوا بترسێین، وبگەڕێینەوە سەر دینە ئیسلامەتیە تەواوە میانڕەوەکە، بێ زیادە ڕەوی و کورت ڕەوی.

وە هەروەها هیچ موسوڵمانێکی ڕاست ڕێگر نیە لەوەی کە گەلی کوردی موسوڵمان وڵات وکیانی سەربەخۆی خۆی هەبێت، وەك تێکڕای وڵاتان وگەلانی دونیا.

وە هیچ ڕێگرێك نیە لە شەرعی ئیسلامدا لەوەی کە بەرگری لە مافە ڕەواکانی خۆمان بکەین، و نەهێڵین هیچ وڵاتێك بمان چەوسێنێتەوە بە هیچ ناوێکەوە، وە گەلی کوردی موسوڵمان شایستەی بەناو ئەنفالی بەعسیەکان وجیهاد کردنی ئەمڕۆ نیە، بەڵکو تا ئێستاش گەلی کوردی موسوڵمان لە زۆر گەلانی تری موسوڵمانانی دونیا باشترن و دیندار ترن.

بەڵام هەندێ جار شەمەندەفەری ڕزگاری وئازادی لەسکەی خۆی لا دەدات وسەر نشینەکان بەرەو هەڵدێران وسەرەنگومی دەبات.

هەروەکو ئەوەی خەڵکی بانگ بکرێت بۆ کوردایەتی، بە واتایەکی ڕەوا بەڵام لەوەوە نەوەستێتەوە بەڵکو لە کوردایەتییەکی ڕەواوە لا بدرێن، بەرەو عەلمانیەتی نارەواو بێ دینی!!

بەڕاستی ئەم لە سکە لا دانە ئەوەی پێویستە کە هەموو موسوڵمانانی کورد بڵێین: بەڵێ بۆ پارێزگاری لە مافە ڕەواکانی گەلەکەمان، بەڵام نەخێر بۆ عەلمانیەتی بێ دینی، **وە لە کۆتاییدا دەڵێم:** پێویستە لەسەر گەلی کورد سوپاسی پەروەردگار بکەن کە لە ڕژێمی بەعس ڕزگاری کردن وکیان و وولاتێکی بۆ قەرار گرتن و خێرو بێری زۆری بەسەردا ڕشتن، نەك بە پێچەوانەوە دوای ئەم هەموو نیعمەتە وەك جولەکەکان ئەم جارە عیجلی عەلمانیەت دابنێین ﴿لَقَدْ جَاءَكُمْ مُوسَى بِالْبَيِّنَاتِ ثُمَّ اتَّخَذْتُمُ الْعِجْلَ مِنْ بَعْدِهِ وَأَنْتُمْ ظَالِمُونَ] [البقرة/ ٩٢] ١٣٨. وە ﴿إِنَّ الَّذِينَ اتَّخَذُوا الْعِجْلَ سَيَنَالُهُمْ غَضَبٌ مِنْ رَبِّهِمْ وَذِلَّةٌ فِي الْحَيَاةِ الدُّنْيَا وَكَذَلِكَ نَجْزِي الْمُفْتَرِينَ﴾ ﴿الأعراف/ ١٥٢﴾.

وە پێویستە بزانن کە عەلمانیەت جاهیلیەت ونەفامییە، ولە ئیسلامدا ڕەت کراوەتەوە بە هەموو شێوەکانیەوە، چونکە کۆمەڵگا بەرەو بێ دینی وبێ ڕەوشتی دەبات وسەر لێشێواوو بەرەڵا دەبن و دەکەونە ژێر تورەبوونی خوای گەورە و دونیاشیان دەچێت و دوا ڕۆژیشیان ڕەش دەبێت.

وە پێویستە بزانن کە ئیسلام ئاینێکی تەواوە لە هەموو ڕوانگەکانەوە، وە لە بەرژەوەندی ڕاستەقینەی خەڵکی دایەو مایەی سەربەرزی و بەختەوەری خەڵکیە، نەك هۆکاری دواکەوتویی و ژێر دەستەیی، وەکە دیاردەیەکی نالەباریش لە کەسانێکی بە ناو دیندارەوە بینرابن ئەوە عەیبەکە لەو کەسانە خۆیاندایە، نەك لە ئیسلامەکە.

ئیسلام هاندەرە بۆ زانست وعیلم، بۆ ڕەوشتی جوان وبەرزی ، بۆ یەکسانی و داد پەروەری، بۆ وەدەست هێنانی ئاسایش وئاسودەیی، بۆ چاکە کردن لەگەڵ خەڵکی، وە ڕێگری کردن لە خراپەکاری و زوڵم وستەم، بۆ باش بوون لەگەڵ کچان وخوشکان ودایکان وئافرەتان بەگشتی، کەوابوو هەرکەسێك کە ئیسلامی ڕاستەقینەی نەناسیوە، ئەوە با بیناسێت لە ژێر ڕۆشنایی قورئان و فەرموودە، ئەو ئیسلامەی کە پێغەمبەر (ﷺ)، وهاوەڵانی (رضي الله عنهم)، لەسەر بووە، نەك ئەو ئیسلامەی کە کەسانێکی خوڕافی وشەخس پەرست ونەفام و توندڕەوی لەسەرە، وە پێویستە موسوڵمانان واز نەهێنن لەو دینە مەزنە تەواوەی ئیسلام، کە لە خوای خولڵقێنەرەوە هاتووە، بۆ دینی عەلمانیەتی دانراوی دەستی کەسانێکی شەهوەت باز وبەرژوەندچی کە دامەزراوە لەسەر بنەمای بێ دینی، وبناغەی جیاکردنەوەی دین لە دەوڵەت و ژیان، وجێبە جێکردنی بنەمای میکافیلی کە (غایەت ومەبەست گشت هۆکارێك حەلاڵ دەکات هەر چەندە دژی ئیمان وئەخلاقیش بێت).

## شوێنەوارە خراپەکانی عەلمانیەت

بێ گومان عەلمانیەت شوێنەواری خراپی جێ هێشتوە لە وڵاتانی موسوڵمانان، وەك لەم دیاردانەی خوارەوە دەردەکەوێت:

**یەکەم:** حوکم نەکردن بە شەریعەتی ئیسلام، وە دابڕینی حوکم وبڕیار لە تێکڕای بوارەکانی ژیان لە ئاینی ئیسلام، وە دانانی چەندان یاسای داهێنراو لە شوێنی فەرمان و ڕێنماییەکانی خوای گەورە، بەم هەنگاوەش عەلمانیەت و لا دینی پەرەی سەند.

**دووەم:** عەلمانیەت و لا دینی لە پەروەردەو فێرکردندا بە شێوەیەکی وا کە ئەگەر کەسێك نەچوبێتە خوێندن زۆر بە سەلامەت تر دەمێنێتەوە لە دین و ڕەوشتیدا، وە لە بیرو بۆ چونیدا، چونکە خوێندنی عەلمانی بیروڕای عەلمانیەت فێری منداڵ ولاوان دەکەن و دایان دەڕنن لە بیروباوەڕی ئیسلامی، وە ئەگەر تەنها ماددەیەکی ئیسلامیش دابنێن ئەوە لەکۆتا دەرسەکان دایدەنێن، لەکاتی بێزار بوون وماندوبوونی قوتابیان، وە هەروەها لەوانەیە مامۆستایەکی بۆ دانرابێت کە هیچ پەیوەندیەکی ڕاستەقینەی نەبێت بە ئایینی ئیسلام وزانستە شەرعیەکان، وە ئەم دیاردەیەش من خۆم بە چاوی خۆم بینیومە کاتێك کە لە ئامادەییەك دەرسی

زمانی عەرەبی و پەروەردەی ئیسلامیم دەوتەوە، بەڕێوەبەری قوتابخانەکە چونکە عەلمانیەکی توندبوو چەندان گرفتی بۆ دروست دەکردم، وە زۆرێك لەوانەکانی پەروەردەی ئیسلامی دەدایە مامۆستایەکی فیزیا، تەنها بۆ ئەوەی من ئەو وانەیە نەڵێمەوە، وە لەدواییدا خۆی نەگرت وبانگی کردمە بەڕێوبەرایەتی قوتابخانەو پێی وتم نابێت هیچی تر تۆ دەرسی ئاین بڵێیتەوە، چونکە لە سەردەمی حزبی بەعسدا وانەی ئیسلامی نەدەدرایە مامۆستایەك کە زۆر خۆی ئیمانی پێی هەبێت، بەڵکو دەدرایە مامۆستایەکی گاور یان شیوعی وە یان مامۆستایەکی ژنی سافیرە!! ئەمە قسەی مودیرەکە بوو، لەبەر ئەوە ئەو بەڕێوەبەرە بڕیاری دا هیچی تر من دەرسی ئاین نەڵێمەوە!!.

وە هەروەها لە لایەکی تریشەوە ساڵ بە ساڵ کتێبی پەروەردەی ئیسلامی بچووکتر دەبێتەوەو تەنها ناوێکی ناوەڕۆك لاواز دەمێنێتەوە، هەروەك دەبینین گشت کتێبەکە بریتی یە لە تەنها چەند ئایەتێك لەگەڵ چەند فەرموودەیەك کە هەندێکیشیان لاوازن و(صحیح) نین!! وە ئێستا بڕیارِ هاتووە کە نابێت لەبەرکردنی ئایەت و فەرموودە بمێنێت بۆ ئەوەی قوتابی نەترسێت و بێ تاقەت نەبێ، تەنها شتەکانی بۆ شیبکرێتەوە، ئەدی بۆچی قوتابی ناترسێت و بێ تاقەت نابێ کە ساڵ بە ساڵ وانەکانی بیرکاری و فیزیاو کیمیا...هتد، زیاد دەکرێ و لەبەرکردنیشی تێدایە!!!.

وە هەروەها تەفسیرو لێکدانەوەی بڕێك (هەندێك) لە دەقەکانیش بە هەڵە کراوە!!.

<u>سێهەم:</u> عەلمانیەت و لا دینی لە ڕاگەیاندندا: لەم بوارەدا عەلمانیەت زۆر بە زەقی وخەستی وبلاَّوی دیارە، چونکە کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی دەنگی ورەنگی وناوخۆ وئاسمانیش لەم برگانە پێك هاتوون: گۆرانی ومۆسیقای زۆر بێ شەرم وحەیا، لە خودی قسەکانیان وجلەکانیان....زنجیرە فیلمی زۆر دوور لە ئادابی ئیسلامی کە گەنجان وکۆمەڵگا بە تێکڕایی فێری دڵداری وخیانەتی زەوجی وپیاوکوشتن ودزی وبەڕەڵایی و ڕووتی وبێ شەرمی دەکات، گفتووگۆ ولێدوان کە زیاتر خەڵکی فێری ئەوە دەکات کە لا دینی بن بە ناوی ڕۆشنبیری وئازادی!!.

<u>چوارەم:</u> عەلمانیەت لە بواری کۆمەلاَیەتیدا، خەڵکی وردە وردە وا ڕاهێنراون ئەگەر پیاوێکی موسوڵمانی ریشدار بە ناو بازاڕێکدا بڕوات، یان ئافرەتێکی پۆشتە، ئەوە گشت خەڵکی سەیری دەکەن وبەلایانەوە سەیرەو چەندان ڕاپۆرتیان لەسەر دەنوسرێت!!.

وە لەوانەیە لە هەندێ کات وشوێن هەڕەشەیان لێ بکرێت و بشگیرێن، بەلاَّم ئەگەر جولەکەیەك یان گاورێك بەخۆی وخاچەکەیەوە بەناو بازاڕی موسوڵمانانەدا بڕوات ئەوە کار ئاسانی بۆ دەکرێت وهاوکاری دەکرێت و پاسەوانیش دەکرێن!!

وە بەهەمان شێوە بۆ نمونە لە هەندێ دائیرە ئەگەر ئافرەتێکی ڕوت بێت بۆ موعامەلەیەك ئەوە هیچ گرفتێکی نابێت، بەلاَّم گەر خوشکێکی لەچك بەسەر بێت یان گەنجێکی ڕیش دار بێت، ئەوە هەندێ جار

گرفتی بۆ دروست دەکەن، و کارەکەی لێ قورس دەکەن، و ڕای دەگرن بە بیانوی ئەوەی کە نابێت لە وێنەکەدا ریشی هەبێت!!.

وە ئەمەش لەگەڵ مندا ڕویداوە،کە کاتێك مۆڵەتی شۆفێریم دەرهێنا لە ساڵی ٢٠٠٥ز، بە حەقی خۆم وبێ واسیتە وبەرتیل دەرچووم، وە ساڵێکی ڕێك خەریکی بووم، دوای دەرچوونم لە تاقی کردنەوەکان وەصلێکیان دامێ بۆ وەرکرگرتنەوەی مۆڵەتەکەم، وەکاتێك کە چوومە بنکەی هاتوچۆ لە ڕیز وەستام تا سەرەم هات و منیش وەك ئەوانەی پێش خۆم وەصڵەکەم دایە دەستی بۆ ئەوەی مۆڵەتەکەم بداتەوە، بەڵام وتی: برۆ ریشت بتاشە، پاشان وەرە داوای مۆڵەتەکەت بکە، منیش ریشەکەی خۆم کە سوننەتە، ولەبەر خوا هێشتومەتەوە، نەك لەبەر حیزبایەتی، نایگۆڕمەوە بە سەد مۆڵەتی شۆفێری، وە هەر چەندە پێناس(هەویە)ی ئەوقافیشم نیشاندا کە بە ریشەوەیە، ومن مەلای مزگەوتم، بەڵام هەر قەبوڵی نەکرد ونەیدایەوە پێم، کە حەقی خۆشم بوو چونکە لە تاقیکردنەوەکان دەرچووم، بەڵام عەلمانیەت وایکردووە کە ریشدار مافی ڕەوای خۆشی نەدرێتێ، دوای ئەوە ئەو شوێنەم جێ هێشت و نزیکەی ساڵێکی تری برد هەر نەیاندامەوە، بەڵام کەسێکی دەست ڕۆیشتوو کە ئەمەی بیست خۆی چوو بۆی هێنامەوە خوا خێری بنوسێت.

<u>پێنجەم:</u> وە هەروەها دیاردەیەکی تری عەلمانیەت بریتیە لە تێکەڵی کوڕ وکچ لە قۆناغەکانی خوێندن، هەروەك دەبینین هەر لە قۆناغی سەرەتاییەوە قوتابیانی کوڕ وکچ تێکەڵ بە یەك دەخوێنن کە ئەمەش شوێنەواری خراپی بووەو دەشبێت لەسەر ڕەوشت وئیمانی قوتابیان، وە وایان لێ دەکات کە هەر بە جوانکاری و دڵداریەوە سەرقاڵ بن نەك بە خوێندنەکەیان.

<u>شەشەم:</u> وە لە بواری ئابوریدا عەلمانیەت وبێ دینی لەوەدا دەردەکەوێت کە سەرانەو باج (الضريبة) لەسەر خەڵك دادەنێن کە هەر موعامەلەیەکیان هەبێت.

وە هەروەها ریشوە وبەرتیل وسوو خواردن (الربا) بڵاودەبێتەوەو ڕێگەی پێ دەدرێت.

<u>**هۆکارێکی تری بڵاوبونەوەی عەلمانیەت ورۆیشتنە بەرەو عەلمانیەت**</u> بریتیە: لەو مۆدێرن وسەردەمییەی کە چۆتە بیروهۆشی زۆرێك لە ئیسلامیەکان، بەتایبەتیش حزبیەکان بۆ ئەوەی بە مۆدێرن وسەردەمی بناسرێن وئاسانکاری نیشان بدەن وخەڵکی لێیان کۆبێتەوەودەسەڵاتیش ڕەخنەیان لێ نەگرێت،بۆ نمونە:

<u>یەکەم:</u> پۆشاکی ئافرەتان سەردەمیانەیە، نەك شەرعیانە وە فەتوای لەبەرکردنی پانتۆڵ بۆ ئافرەتان بە مەرجێ لەچکەی لەسەر بێت.

<u>دووەم:</u> فەتوای دروستێتی سەفەری ئافرەت بێ مەحرەم، وە دەرچونی ئافرەتان دوای مکیاج کردنیشیان لە کەناڵە ئیسلامیەکاندا بۆ خوێندنەوەی دەنگوباس ونیشاندانی ئافرەتانی سەروسینگ ڕوتیش بە ناوی زنجیرە دۆبلاژ کراوی تورکی و ئێرانی و.....

<u>سێیەم:</u> لاسایی کردنەوەی ڕۆژئاوا لە ئاهەنگ وبۆنەکان وئاهەنگ گێڕان بە هۆی سەری ساڵ و لە دایك بوون ودامەزراندنی حیزب و....

**چوارەم:** بانگەشە کردن بۆ دیموکراسیەت وفرە حیزبێتی وهەڵبژاردن و...

**پێنجەم:** لاسایی کردنەوەی ئیسلامیەکان بۆ ڕۆژئاواییەکان لە جل وبەرگدا.

**شەشەم:** پێش خستنی عەقڵ لە سەر دەقەکانی قورئان وفەرمودە، وەلێکدانەوەی دەقەکان بە گوێرەی تێگەیشتنی سەردەمیانەی خۆیان، نەك بە گوێرەی تێگەشتنی زانایانی ئەهلی سوننەت.

**حەوتەم:** حەلاَل کردنی مۆسیقاو گۆرانی و....

**هەشتەم:** پارچە پارچە کردنی موسڵمانان بە ناوی حزبایەتی، هەروەکو چۆن عەلمانیەتیش پارچە پارچەی کردوون.

**نۆیەم:** بانگەشەکردن بۆ نزیك بوونەوە لە نێوان گروپە ئیسلامیە جیا جیاکان، هەروەك دەبینین لە ناو حیزبدا سەنگ وگرنگی عەقیدەو بیرو باوەڕ نامێنێت، وگرنگ نیە ئەندامی حزب شەخس پەرست بێت، یان خوا پەرست، هاوار بکاتە شێخ ومەشایەخ یان هاوار بکاتە خوا، لەسەر بیدعە بڕوات یان لەسەر سوننەت، ئەشعەری بێت یان ماتوریدی، نەقشە بەندی بێت یان قادری، سۆفی بێت یان دەروێش، موعتەزیلی بێت یان مورجیئە، تەکفیری بێت یان نا، هەموو ئەوانە جێگایان دەبێتەوە لە ناو بازنەی حزبە ئیسلامیەکاندا، چونکە بە گوێرەی بنەمای عەلمانیەت (الغاية تبرر الوسيلة) ، وە گرنگ ئەوەیە لەگەڵ ئەم حزبە دابن ودەنگی بۆ بدەن وسەری بخەن، جاگرنگ نیە کەوتبنە ناو زۆنگاوی شیرك وبیدعەوە یان نا!!

**دەیەم:** وازهێنانی هەندێ لە ئیسلامیەکان لە داوای حوکی خوا ، وە ڕازی بونیان بە حوکمی دیموکراسی ئەورووپی، هەروەك دکتۆر عصام عريان ئەندامی مەکتەبی ئیرشادی ئیخوان المسلمين لە ڕاگەیاندنێکیدا وتی: ((ئێمە خوازیاری حوکمێکی ئیسلامی نین!!، بەڵکو سیستەمێکی دیموکراتی پەرلەمانی هاوشێوەی ئەورووپامان دەوێت!!!.

تێبینی: دەقی ئەم نوسراوە لە شریتی سەر شاشەی کەناڵی ئاسمانی سپێدە نوسرابوو، وە ئێستاش بە تۆمارکراوی هەیە!!.

کەواتە: سەردەمییەت کردن لە ئیسلامدا دەرگاو جسری عەلمانیەتە، بەڵکو ئەمەش جۆرێکە لە عەلمانیەت، بۆ نمونە عەلمانیەت قورئان وسوننەت ناکاتە دەستوری حوکمڕانی، بە هەمان شێوەش حزبیەکان لە چەندان بابەتدا ناگەڕێنەوە بۆ دەقە شەرعیەکان، بەڵکو دەگەڕێنەوە بۆ فەتوای ئەمیرو ڕابەرەکان، وە بڕیاری ئەوان دەخرێتە پێش لێك دانەوەی زانایانی سەلەف، زۆر جار زۆر لە ئیسلامیەکان وا دەزانن کە ئەوان بونەتە سەددێك وبەرهەڵستی لە عەلمانیەت دەکەن، بەلاّم خۆشیان نازانن کە لە جیاتی ئەوەی سەدێکی بەربەست بن، بونەتە جسرو پردێك عەلمانیەتیان بەسەردا پەڕیوەتەوە بۆ ناو موسوسڵمانان، چونکە خەڵکی جاران مۆسیقایان بە حەلاڵ نەدەزانی تاوەکو ئیسلامیەکان بۆیان حەلاڵ نەکردن، وە کە حەلاڵ کرا ئەو کاتە بۆ دەبێت مۆسیقای ئیسلامیەکان حەلاڵ بێت، بەلاّم مۆسیقای عەلمانیەکان حەڕام بێت؟ کەواتە: ئەوان خەڵکیان ڕاکێشا بۆ عەلمانیەت لەم بابەتە، وە هەروەها خەڵکی حزبایەتیان پێ باش نەبوو! بەلاّم ئیسلامیەکان فرە

حزبیتیان حەلاڵ کرد!! کەوابوو خەڵکی دەڵێن: کە هەر حزبایەتی بکەین ئەوە با لـەگەڵ حزبێك بین کە کارو باری وڵاتی بە دەستە نەك حزبێکی بێ دەسەڵاتی کۆڵەوار کە هیچی بە دەست نیە.

وە هەروەها تەمسیلی ئیسلامی...

وە هەروەها شانۆگەری ئیسلامی!!

وە هەروەها زۆرێك لـە ئیسلامیەکان ریشتاشینیان حەلاڵ کرد بۆ خەڵکی، وە هەر ئەوانن دیفاع لـە زۆرێك لـە بیدعە دەکەن!!

کەواتە ئەوانیش بەناوی ئاسانکاری و خۆگونجاندن و مۆدێرن و نوێکاری و بەرژەوەندی حزبەوە بەشێکی عەلمانیەتیان تێدایەو، بونەتە هۆکاری بڵاوبونەوەیشی.

لـە کۆتاییدا پەنا بەخوا لـە عەلمانیەتی عەلمانیەکانیش و ئیسلامیەکانیش وە خوا بمانپارێزێت لـە هەموو جۆرە گومڕایی و سەرلێشێواوییەك، هیدایەتمان بدات بۆ ڕێگای ڕاست و بەردەوامیمان پێ ببەخشێت.

تێبینی:

مەبەستم بەم قسانە هیچ کەسێکی تایبەت یان حزبێکی تایبەت نیە، بەڵکو تەنها مەبەست ئەو کەسانەیە کە ئەم وەسفی عەلمانیەتەیان تێدایە، وە هیچ موسوڵمانێکیش بەکافر دانانێین ، بەڵکو هەرکەسێکیش کەوتە کوفرێکەوە ئەوە ئیشەکەی بە کوفر دادەنرێت، بەڵام خۆی بەکافر دانانرێت تاوەکو مەرجەکانی بەکافر دانانی تێدا نەبن و لـە ڕێگرەکانی بەکافر دانانیش دوور نەبێت، وەك زانایان فەرمویانە:

ولا يتم الحكم حتى تجتمع كل الشروط، والموانع ترتفع

وآخر دعوانا أن الحمد لله رب العالمين

www.abuabdilhaq.com

=====================

ماڵپەڕی بەهەشت

www.ba8.org

لە دوعای خێر بێ بەشمان مەکەن